# دەبێت ئەفسەرانی تورك دادگایی بکرێن

کاوە ئەمین

پشتکردنی تورکیا لە هەڤاڵبەندی مێژینەی خۆی ئەمریکا لە کاتی شەڕی عێراقدا، گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ گەلی کورد، هەروەک چۆن داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دا، کوردی باشووری لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی کە بەشێوەیکەی سیستەماتیک بەردەوام بوو، ڕزگارکرد.

تورکیا هێشتا شەری ئەمریکا لەگەڵ عێراق دەستی پێنەکردبوو، کە کەوتە هەڕەشەو خۆگیڤکردنەوە لە باشووری کوردستان بە بیانووی جۆراو جۆر، بەڵام سەرهەڵدانی کوردان لە باشوور بەدژی تورکیا و مەشی یەک ملیۆنی هەولێر و سوتاندنی ئاڵاکانیان لە سلێمانی و شوێنەکانی تری کوردستان، هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانی کوردەکانی دەرەوەی وڵات، خەونەکانی تورکیایان کردە بلّقی سەرئاو، هاشە و هوشەی تورکیا وەکو میزەڵدانێکی پڤ دارو خاڵی کرایەوە. ئیتر تورکیا دارێکی بەدەستەوە بوو کە نەک ئەمسەر ئەو ئەوسەری بەڵکو هەموو پیسایی بوو. دەتوانرێت بووترێت کە ئەوە جاریی یەکەم بوو کە سیاسەتی تورکیا توشی شکستێکی ناوخۆیی و دەرەکی بێت کە لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتەدا خالّێکی دیارە.



تورکیا هەوڵی دا لە ڕێگایی بەرەی تورکومانی کە بنەکەیەکی ئاشکرایی سیخوریی تورکیان لە باشووری کوردستان وعێراقدا، بکەوێتە گێرەشێوێنی و لەژێرپەردەی هاوکاری و چاودێریدا دەیان سەرباز و ئەفسەری تورکی لەو بەشەی کوردستاندا، جێگیرکرد، بەبێ هیچ نارەزایەتیەکی دەسەڵاتدارنی باشووری کوردستان، دەنا بۆ دەبێت سلێمانی کە بە درێژایی مێژووی خۆی تورکومانی بە خۆیەوە نەبینیووە، بکرێتە هێلانەی تیرۆریستانی تورکیا، تۆ بلّێی ئاسایشی سلێمانی لە مۆڵدانی ئەو ئەفسەرانە لە بارەگایی بەرەی تورکومانی کە تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێرەش دان نانێن بە دەسەڵاتی حوکومەتی کوردستاندا جا لە سلێمانی بێت یانیش هەولێر، بێ ئاگابوو بن؟

مارێترەکانی ئەمریکا لە خۆیانەوە هەڵناکوتنە سەر بارەگایەکی تورکیا کە ئەندامی ناتۆیە بەبێ بەڵگە و زانیای، لە هەموو دام و دەستگای ڕاگایەندنی دنیاوە بڵاوکرایەوە کە پلانیان بۆ تیرۆرکردنی پارێزگاری بەرێزی کەرکووک کاک عبدولڕەعمان مستەفا کە بە هەقیقەت لەو کەسە دەگمەنانەیە کە کە شایەنی ئەو پۆستەیە کە بەدەستی خستووە. ئەم کردەوەیەیی تورکەکان کە دورە لەهەموو یاسایەکی نێودەوڵەتی و مرۆڤانە لە کاتێکدایە، کە تورکیا دەیەوێت بە گۆرینی ڕوکەشیانەی یاسا ڕاسیستیەکانی هەنگاوێکی تر خۆی لە دەرگای ئەوروپیەکان نزیک بکاتەوە و دەیانەوێت ئەو برینە قوڵەی کە کەوتۆتە نێوان جەستەی پەیوەندیەکانی ئەوان و ئەمریکا سارێژبکەن، بەوەی گوایە دەیانەوێت لاپەریەکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و سیاسەتی چەوتوچەوێڵیان لە عێراق و کوردستاندا بکەنەوە، بەڵام پیلانی کردەوە تیرۆرسیتەیەکەیان بە دژی پارێزگاری کەرکووک کە لەلایەن ئەمریکیەکان و گروپە ئێتنیکیەکانی شاری کەرکووکەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بزمارێکی ترە لە تابوتی پەیوەندیەکانی ئەوان و ئەمریکا دەدرێت.

پەلبەستکردن و تورەکە لەسەرکردنی ئەفسەرانی تورکیا لە لایەن ئەمریکیەکانەوە، گەورەترین ئیهانە بوو بۆ تورکیا و سوپاکەی کە خۆی بە پاسەوانی ئەو وڵاتە دەزانێت، پەلەقاژە و هاتووهاوارەکانی ئەردۆغان بۆ پینەوپەرۆ کردنی ئەو سوکایەتییە دەری خست کە سوپاو پۆلیسی ئەو وڵاتە تەنها لە بەردەم ژنانی بێ دیفاعی کورددا خۆیان بە "شێر" دەزانن دەنا ئەو کردەوەیە نیشانی دا کە ئەوان ڕێووی دەرەوەن.

ئەوەی کە جێگایی سەرنج و نیگەرانییە کە تا ئێستا هیچ کام لە حوکوومەتەکانی کوردستان لەسەر ئەم تاوانەی تورک بە جواب نەهاتوون و بەڵکوو ڕاگەیاندنی ئەو حیزبانە ناڕاستەوخۆ لە دەمی ڕۆژنامەکانی تورکیاوە هەواڵەکە بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکی سیاسییە لە وڵاتی ئێمەدا. بۆیە دەبێت خەڵکی کورد، ئەو بێ ڕێزییە بە پارێزگاری کەرکووک قبوڵ نەکەن و داوای داگایی ئەو ئەفسەرە تورکانە بکەن وەکو تیرۆریستێک، هەمنکات وەکو پێشێلکردنی سەرەوەری باشووری کوردستان، چاوی لێ بکرێت، دەنا دەبێت بە ناچاری بڵێین ماڵی مارێترەکان ئاوا کە بە کردنە سەری تورەکەی سپی و پەلبەستنی دەرەجادارنی تورک، لوتی لە بەردەکەی ئەلحەد دان، هەروەک ڕۆژنامە نووسێکی تورک دەڵێت: "ئەمریکا لە کێشەی ناو کوردستاندا زەبری لە قوڵایی هەست و کەرامەتی تورکیا داوە". ئەمەش پوازێکی ترە لە پەیوەندیەکانی ئەمریکاو تورکیا دەدرێت، کە بەقازانجی کورد تەواو دەبێت.

تێبینی: بەشی زۆری ئەم نووسینە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی میدیای عەرەبیدا بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org